زانكۆی سەلاحەدین

كۆلیژی زمان

بەشی كوردی / قۆناغی سێیەم

# ڕەخنەیی تیۆری

ئامادەكردنی: د. سۆران مامەند عەبدوڵڵا

بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

## ➢ میتۆدی ڕەخنەی سیمیۆلۆژی/ سیمیۆتیکا:

چەمکی سیمۆلۆژیا لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی دیکە لە فراوانبووندایە، تانەت زۆر زەحمەتە مانای ئەو هەموو چەمکانە لەیەکتر جیابکرێنەوە، هەندێ دەڵێن زانستی نیشانە، یان زانستی ئاماژە، زانستی هێماکان، سیمیۆلۆژیا بە بەرنامە لە بەرنامەکانی پاش بونیاتگەری دادەندرێت. لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە(semio) بەمانای ئاماژە دێت. لە یۆنانی کۆندا لە فەلسەفەی ئەفلاتون و ئەرستۆشدا بەکارهاتووە، بەناوی"تیۆری مانا". لەزمانی و ئەدەبیاتی ئینگلیزیش زاراوەکانی(semiology , semiotic, semeiotics) بۆ بەکارهاتووە، لە ئەدەبیاتی عەرەبیش زاراوەکانی(السیمیائیة و السیمائیە) بۆ بەکارهاتووە، لە فارسیش زاراوەی(سیما، سیمیا) بۆ بەکارهاتووە، لە رەخنەی ئەدەبی کوردیش زاراوەکانی( زانستی نیشانە و زانستی ئاماژە و سیمیۆلۆجیا و سیمۆلۆژیا) بەکارهاتوون.

- ئەم زانستە بایەخی گشتی بە زمان و ئاماژەکانی بیستن و بینین دەدەن. سیمیۆلۆژیا لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و زانیاری مرۆڤایەتی لە گەشەکردندایە، بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە. بەهۆی سیمیۆلۆژیاوە بەجۆرێکی دیکە خوێندنەوەی بۆ دەقی ئەدەبی دەکرێت، ئەویش بە شیکردنەوەی و لێکدانەوەی ئەو نیشانەو هێمایانەی لەناو دەقی ئەدەبیدا هەن. سەرەتا لەبواری فەلسەفە و زانستی پزیشکیدا بەکارهاتووە و دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەو ئەدەبیاتەوە. سیمیۆلۆژیا یارمەتیمان دەدات لە کردنەوەی ئاماژە و کۆدەکانی هەر دیاردەیەک، بۆئەمەش دەبێ زانست و زانیاری و باگراوەندێکی باشمان هەبێت لە بارەی ئەفسانەکان و ئاین و مێژوو و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان...تاد. بۆ ئەوەی بزانن ئەم نیشانانە چ واتا و دەلالەتێک دەگەیەنن.
- سیمیۆلۆژیا بە زانستێکی نوێ و میتۆدێکی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت، کە توێژینەوەی نیشانەکان لە سایەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە ئەنجامدەگەینێت، سیمیۆلۆژیا بەجۆرێک دەریدەخات کە توانایی تەواوی لە توێژینەوەی مرۆڤدا هەیە، لەرێگەی ئاماژە داهێندراوەکانی مرۆڤدا. بۆیە نیشانە/ ئاماژەکان ناوەند و بنەمایی توێژینەوەی سیمیۆلۆژیە، نیشانە بۆ شتێکە کە ئەوەنییە یان لەبری فیکرەیەک دێت. کەواتە سیمیۆلۆژیا زانستێکە لێکۆڵینەوە لە بونیادی نیشانەکان و پەیوەندییەکانی لە گەردووندا دروست دەکات، سیمیۆلۆژیا لەیەک کاتدا گرنگی بەنیشانەکانی زمانەوانی و نازمانەوانیش دەدات، رێسای سیمیۆلۆژی پێویست ناکات هەردەم زمان بێت، دەکرێ نیگاریش بێت، گرنگ ئەوەیە گوزارشتەکە بەهۆی نیشانەکانەوەبێت. چونکە نیشانەکان کەرەسەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهان و ئەوانی دیکە. کەواتە سیمیۆلۆژیا زانستی نیشانەکانە گرینگی بە بونیادی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و ئابووری و دەروونشیکاری ئەدەب دەدات. چونکە مەرج نییە پەیوەندی لە نێوان هیماکە و نیشانەکەدا هەبێت، بەڵکو پەیوەندیەکە لەخۆوەیە، واتە هیچ وێکچوونێک و فیکری و واتایی لەنێوان وشەکە و پێکاتەی شتەکەدا نییە، بۆ نموونە رەنگی سوور و زەرد و سەوزی ترافیک لایت، بەڵکو ئەمە رێککەوتنی کۆمەڵگەیە لەسەر(دال ومەدلولەکان). کە ئەمەش زمانەوانی سویسری "دی سوسێر" جەختی لەسەر دەکردەوە و بووە بنەما بۆ میتۆدی ڕەخنەی سیمیۆلۆژی. کە پەیوەندییەکی دووانەییە.

- دوو ئاراستەی سەرەکی ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی میتۆدی ڕەخنەی سیمیۆلۆژیدا هەبووە، ***ئەوانیش:ئاراستەی یەکەم:ئاراستەی ئەمریکی،*** کە ڕابەرەکانی بریتی بوون لە ( چارلز پێرس و کارناب). چارلز پێرس پەیوەندی لە نێوان لۆجیک و سیمیۆتیکا دروستکرد، تەنانەت لۆجیکی بە واتای دووەمی سیمیۆتیکا دانا، کتێبێکی بەناوی(لەبارەی نیشانە)کانەوە پێش هاتنی دێ سوسیر بڵاوکردەوە، سیمیۆلۆژی لای ئەو توێژینەوەیە لەسیستەمی دالەکان، لەسەرجەم زانستە عەقڵی و مرۆڤایەتییەکانەوە. ئەگەرچی دەوترێت ئەم زانستە( سیمیۆلۆژیا) لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی(چارلز پێرس/ شارل پێرس) پەیدابووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم زانستە زانای ئەمریکی(س.و.موریس) دایمەزراند و لەم بارەیەوە دەڵێت: سیمیۆلۆژیا بە تەنیا بوارێکی پسپۆری نەبووە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی شوێنێکی باڵای لە بواری بەدواداچوونی زانستیدا داگیرکرد، کە پەردە و لەمپەری دڕاند لە نێوان زانیارییە جیاوازەکاندا. کەواتە ( دێ سۆسێر و چالزپێرس) بە دامەزرێنەری سەرەتایی ئەم زانستە رەخنەیە دادەندرێن، بەڵام هەریەکیان لەڕوانگەی جیاوازەوە لە دەقیان کۆڵیوەتەوە، سۆسێر لەڕووی زمانەوانی و پیرس لەڕووی لۆژیکەوە شیکردنەوەیان بۆ نیشانەکان کردووە و بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە بەستووەتەوە. (چارلزپێرس) نیشانەکان لای ئەو سێ ڕەهەندییە(( نوێنەر و ڕاڤەکردن و بابەت)) پەیوەندێکە پتەوە لەنێوان هەر سێ ڕەگەزدا هەیە، پێرس جوولەیەکی خستووە نێو پێکهاتە سیانیەکەی نیشانە(نوێنەر و ڕاڤە و بابەت) کە بەزنجیرە کارلێکردنێکدا ڕەواندەبن، کە ناوی ناوە((نیشانەڕەوانی)) و وشەی(سیمیۆز semeos) بۆ بەکارهێناوە. بەواتایەکی دیکە هەر نیشانەیەک خاڵێکی دەستپێکی هەیە، کە لەوخاڵەوە کردەی ڕاڤەکردن بۆ نیشانەکە دەستپێدەکات، لەئەنجامی ڕاڤەکردنەوە بابەتی مەبەستداری نیشانە دەدۆزینەوە، کەواتە نوێنەر لەڕێی ڕاڤەکردنەوە بۆ بابەت دەگوازرێتەوە، کەناوی ناوە سیمیۆز .semeos
- **ئاراستەی دووەم:** ئاراستەی فەڕەنسیە و دامەزرێنەرەکەی (دێ سۆسێر)بوو، لەگەڵ ڕخنەگرانی بۆیسنس و بریتۆ و مۆبان و بارت ) پاشان ئەم میتۆدە گەشە دەکات و چەندین لقی دیکەی لێبوویەتەوە وەک: سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە.
- سیمۆلۆژیای (دی سۆسێر) بە گشتی لێکۆڵینەوەیە لە نیشانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا، کاریگەری سایکۆلۆژی لە تیۆرەکەی سۆسێردا بە ئاشکرا دیارە. بەشێوەیەکی گشتی بینی کە نیشانەکان لەپلەیەکی گەورەدایە، ئەگەر وشە نیشانە بێت لەفیکر یان لە شتدا لە نیشانەکانی تری بیستن و بینین نزیك دەبێتەوە کە مانای شتێکی دیکە دەگەیێنێت، نەک ئەو مانایەی خۆی. واتە پەیوەندیەکی قووڵ و سەرەکی لە نێوان سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیاو سیمیۆلۆژیادا هەیە، هەموو نیشانەکان لەناو کۆمەڵگەدا هەن و لەدایکدەبن و دەمرن و ئەم نیشانانەش لە تاک و کۆمەڵگە و کولتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دیکە جیاوازە و کۆمەڵگەش واتایان پێدەبەخشێت، کە ڕەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵناسی لەپشتەوەیە. تیۆرەکە سۆسێر جەخت لەوە دەکاتەوە (دال و مەدلوول)کە پەیوەندیەکی دووانەیە، بۆیە وشە وەک دالێک هیچ پەیوەندیەکی بە وێنە زیهنیەکی وەنیە، واتە ئەو مەدلوولە ڕەنگدانەوەی دالەکە/ وشەکە نیەە.واتە پەیوەندیەکی لوجیکی و ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا نییە، بەڵکو پەیوەندیەکە کۆمەڵایەتییە، واتە ڕێککەوتنی کۆمەڵگەی لەسەرە.بۆنموونە وشەکانی( دار، بەرد، پشیلە....) هیچ پەیوەندیک لەنێوان پیتەکانی ( پ،ش،ی،ل،ە) لەگەڵ پێکهاتە و وێنەی پشیلە وەک

ئاژەڵ نییە، ئەگەر هەبووایە دەبوایە هەموو زمانەکانی جیهان هەمان وشە بۆ دار یان پشیلە بەکا بینن.

- (رۆلان بارت) و سیمیۆلۆژیا: هەرچی بارتە لەبارەی سیمیۆلۆژیا دەڵێت: سیمیۆلۆژیا زانستی نیشانەکانە، ئەم چەمکەشی لە زمانەوانەکان وەرگرتوە بەتایبەتی(دێ سۆسێر)، بەڵام پێوانەی سۆسێری بۆ سیمیۆلۆژیا پێچەوانەکردەوە و وتی: زمانەوانی لقێک نییە لە زانستی نیشانەکان، بەڵکو سیمیۆلۆژیا لقێکە لە زمانەوانی، پاشان "بارت" دەڵێت: یەکێک لە تواناکانی ئەدەب توانای سیمیۆلۆژییە، کە توانی هەیە یاری بکات، یاریکردنێکی نیشانەکان و دەڵێت: دەق بەرهەمی زمانە ئەمەش مانای وایە واتا و نیشانەکان چنینی کاری ئەدەبی پێکدەهێنن، پێویستە لەسەر زمان لەناو زماندا شەڕ بکات، نەک لەرێگەی ڕاگەیاندنەوە. هەروەها نوسەرو رەخنەگرەکانی وەکو: (ژۆلیا کریستیفا و یۆری لۆتمان و ئۆسپانسکی و ئیفانۆف و تۆپۆلرۆف...).
- چەمکی نیشانە لەناو توێژینەوەی سیمیۆلۆژیدا لەسەر دوو ئاستدا دەردەکەوێت:

**یەکەم:** ئاستی ئۆنتۆلۆژییە( بوونناسانەیە): لێرەدا جەوهەری نیشانە و سروشتەکەی و پەیوەندی نیشانە بەو بوونانەی پێدەچوێندرێت دیاردەکرێت. ئەم ئاستەش ئەمانە لەخۆ دەگرێت(رەهەندی پێکهاتەی و نیشانە وەسفیەکان و نیشانە تاکیەکان و عورفییەکان و رەهەندی دەلالی و سیما و نیشاندەر و نیشانە و نیشانە هەولیەکان و بەڵگە..).

**دووەم:** ئاستی پراگماتیکیە: کاریگەری نیشانە و ئەرکەکانی لە ژیانی ڕۆژانەدا دیاردەکریت.

گرنگترین بنەماکانی ئەم میتودە بۆ راڤەی دەقی ئەدەبی بریتییە لە:

١- ڕوانین لەناوەوەی دەق/ روانین لەخۆ: بەدوای واتای دەلالەتەکان لەناوەوەی دەق دەڕوانێت، بەبێ ئەوەی گرنگی بە دەرەوەی دەق بدا.

٢- میتۆدێکی بونیادنانە: لێکۆڵینەوەی دەق لە ئاستەکانی سەرەوە و ناوەوەی دەق.

٣- شیکردنەوەی گوتار: گرنگی بە رستە نادات، بەڵکو گرنگی بە گوتار دەدات، چونکە هەموو دەقێک هەڵگری گووتارێکە، پەیوەندی بە کۆمەڵێک مەعریفەی دیکەوە هەیە، کە سیمیۆلۆژیا دەیاندۆزیتەوە.

- ***میتۆدی ڕەخنەیی و دەقئاوێزان:***

چەمکی دەقئاوێزان لە توێژینەوەکانی ڕەخنەی نوێدا سەریهەڵدا وەکو دژایەتی و بەرپەرچدانەوەی ڕەخنەی بونیاتگەری و هەندێک چەمکەکانی رەخنەی نوێ، کە جەخت لەسەر داخراوەیی دەق دەکات، بە بیانووی ئەوەی کە دەق لەسەر خودی خۆی وەستاوە، پاشان هەڵوەشاندنەوەگەرایی دەریخست کە بونیادی دەق زۆر کەلێن و کەم و کوڕی و درزی تێدایە، کە ئاسنکاریی تیوری پێگەیشتن لە ئەدەب و هونەردا دەکات.

لەدواییدا ڕەخنەگرانی دەقئاوێزان ڕوونیان کردەوە کە دەق بارستاییەکە لە دەقەکانی ئامادەکراو لێرە و لەوێدا بەدەردەکەون، ئەم رێبازە میتۆدی دەقی داخراویان بەتاڵکردەوە، کەدەیانگووت دەق بەڕووی خۆیدا کراوەیە و بەڕووی دەرەوەدا داخراوە.

- چەمکی دەقئاوێزان لەسەر دەستی ( ژۆلیا کریستیڤا) هاتە ئاراوە، کە بەواتایی فرەدەنگی و دەنگی جیاواز دێ لەناو یەک دەقدا، کە رەخنەگری ڕووسی (میخائیل باختین) بەدیهێنابوو. لەشیعری نوێدا

ڕۆڵی وەرگر/ خوێنەرو داهێنەری دەق بەدەردەکەوێت، دەقئاوێزان پەیوەندییەکی عەقڵی بە وەرگرەوە هەیە. بۆیە ناتوانرێت دەق ئاوێزان بدۆزیتەوە ئەگەر وەرگر زانیاری تەواوی لەسەر چوونە ناو یەک و تێهەڵکێشبوونی دەقەکان نەبێت. (پۆل ڕیکۆر) لە بارەی پێناسەی چەمکی دەقەوە دەڵێت: هەموو دەقێک ئاخاوتنێکە کە بەهۆی نووسینەوە جێگیر دەبێت. (ژولیا کریستیڤا) بەم جۆرە وەسفی دەقئاوێزان دەکات و دەڵێت: دەق ئاوێزان یاسایەکی گەوهەرییە کە لە ڕێگای مژین و ڕووخاندنی دەقەکانی دیکەوە ساز دەکرێن، دەق لە تێڕوانینی (ژولیا کریستیڤا)دا ڕێبازێکی زمانەوانی بەردەست و داخراو کلۆمدراو نییە، هەر وەکو فۆرمالیستەکانی ڕووس و بونیادگەراییەکانی ئەوروپا نیشانی دەدەن، بەڵکو سەرچاوەی هەڵگەڕانەوە و پێچەوانەبوونە، وەکو ئاوێنەیەکی قۆپاوە کە مانا و نیشانەکانی ئاڵۆزە، (ژولیا کریستیڤا) ڕەتی کردەوە کە دەقێک هەبێ بوونی بەتاڵ بێ لە چوونە بارێکی دەقەکانی ترەوە، کەواتە هەموو دەقێک بریتییە لە تابلۆیەک لە وەرگرتنەکان، هەموو دەقێکیش مژین و گۆڕینی دەقەکانی دیکەیە. نووسەر لە ڕوانگەی (میخائیل باختین) پێش دەکەوێت لە جیهانێکدا کە پڕ بێت لە وتەکانی کەسانی ترەوە، هەموو دوانێک لە بنچینەدا لە دوانی دیکەوە پێک دێت و یەکتر دەبڕن و بەشێوەیەکی ئاشکرا یاخود نهێنی هیچ دوانێک نییە بەبێ دوانی تر، پاشان دەڵێت: دەربڕینێک نییە کە پەیوەندی بە دەربڕینێکی دیکەوە نەبێت. (باختین) جەخت دەکات، کە زەحمەتە جیاوازی لەنێوان دواندنی جیاواز لەناو دوانێکدا بکرێت، تیوری و توێژ و دەنگە هەمە چەشنەکان کە باختین دایمەزراند، پێشکەکییەکی ڕیشەییە بۆ دەقئاوێزان. بەمجۆرە یەکەم جار چەمکی وتووێژی بەکاربرد لە پێناسەی هاوبەندی بنەڕەتیدا کە گوزارشتێک بە گوزارشتێکی تر دەبەستێتەوە. فۆرمالیستی ڕووس (شکلۆفسکی) دەڵێت: کاری هونەری لە ڕوانگەی پەیوەندی بە کارە هونەرییەکانی ترەوە درکی پێدەکرێت. (ڕۆلان بارت) بەردەوام دەبێت لەسەر تیۆری دەق و دەقئاوێزان، دەڵێت: هەموو دەقێک شتێک نییە، بەتەنیا چنینێکە لە گەواهییەکانی پێشوو نەبێت، (رۆلان بارت) لە کتێبی ((چێژی دەقدا)) باسی دەق ئاوێزان دەکات، دەڵێت: نووسەر واتا چێ دەکات، واتاش ژیان دروست دەکات، دەقێک نییە بێ تاوان بێت. وەک بارت بۆی دەچێت، دەقئاوێزانیش کاری مسۆگەری هەموو دەقێکە، بۆنموونە بارت دەڵێت: (دانراوەکانی برۆست دانراوی سەرچاوەیین بەگوێرەی منەوە) بەلای بارتەوە دانەر کارێک ناکات تەنیا دووبارەکردنەوەکانی دەقەکانی دیکەیە، پاشان دەڵێت: مادام دەق لە کۆمەڵە دەقێکی تردا بەیەکدا چووە، بۆیە دانەرەکەی بەتەنیا دەبێتە لەبەر گرەوەیەک و هیچی تر، بەردەوام دەبێت و دەڵێت کاتێک نووسەر پشت بە دەقەکانی تر دەبەستێت، وەکو خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو پاش هەڵوەشاندنەوەی، لە قاڵبێکی نوێدا دایدەڕێژێتەوە، کە ڕووخسار و ناوەڕۆکی نوێی پێدەبەخشێت، لە شوێنێکی تردا بارت دەریخست کە دەقئاوێزان ڕەتکردنەوەی کەلەپوور و زاڵبوونە بەسەری. لەڕاستیدا دەقئاوێزان ڕەتی کەلەپوور ناکاتەوە، بەڵکو بە یاسای جیاواز و وێنەی هەمەڕەنگەوە دەیگەڕێنێتەوە، دەقئاوێزان لەلای (ڕۆلان بارت) وەکو سەرچاوەیەک وایە کە تیشکەکانی دەقەکانی دیکە ڕادەکێشێت و لەگەڵ سەرچاوە، یەک دەگرێت، تاکو دەقێکی نوێ بەرهەمدەهێنێت، بایەخی (تودۆرف) بە دەقئاوێزان لە توێژینەوەی باختینەوە سەرچاوە دەگرێت، وای دەبینێت کە چەمکی دەقئاوێزان یەکسانە لەگەڵ چەمکی پەیڤین، لەسەر پێشنیاری (ژولیا کریستیڤا) ناوێکی نوێی لێندرا، ئەویش دەقئاوێزان، لەسەر ئاستێکی زۆر ساکارتر هەموو

پەیوەندییەک لە نێوان وتراوەکان بە دەقئاوێزان دادەنرێت، هەموو بەرهەمە زارەکییەکان یاخود باسکراوەکان وتووێژ لەگەڵ یەکتر دەکەن و دەچنە نێو جۆرێک لە پەیوەندی کە پێی دەڵێن پەیوەندی وتووێژی. (تۆدورۆف) دەڵێت: ئاخاوتنێک نییە لە دەقئاویزان بەتاڵ بێت. هەموو دەقێک، دەقێکی لەنێودایە، هەموو دەقێک چوونە نێو دەقێکی دیکەوە، لای (تۆدۆرف) دەقئاویزان لەژێر سێ یاساوە دەبێت، ئەوانیش: (جوینەوە، مژین ، دیالۆگ) سەرچاوەی دەقئاوێزان لای ئەوە بۆ کلتوور و ئاین و ئەفسانەومێژوو وقسەی رۆژانە دەگەڕێتەوە. (یۆری لۆتمان) بایەخی بە دەقئاوێزان دا، بەڵام بایەخەکەی لەسەر خوێندنەوە و وەرگرتن دروست کرد، ڕۆڵی کاریگەر بە خوێنەر و دانەری دەق دەدات و دەیکات بە بەرهەمهێنەری دەقئاوێزان، ئەمەش بەهۆی **<u>مژین و گۆڕین و گوێزانەوە</u>** کە لەسەر دەقی نوێ پەیڕەو دەکرێت، کاتێ وتی:( دەقئاوێزان بەکارهێنانی دەقە لە دەقێکی دیکەدا). بەڵام بەلای (لۆران چینی) یەوە دەقئاوێزان، پرۆسەی توانەوەی دەقەکانە لەسەرچاوەی ناوەندیدا (دومنیک مانجینۆ) لە توێژینەوەکەیدا سەرەتایەک بۆ بەرنامەی شیکردنەوەی ئاخاوتن، بەمجۆرە چەمکی دەق ئاوێزان دیاری دەکات و دەڵێت: کۆمەڵە پەیوەندییەکە، کە دەق بە کۆمەڵە دەقێکی دیکەوە گرێ دەدات، بەڵام (میخائیل ڕیڤاتیر) لە دوایین کارەکانیدا لەسەر شێوازگەری بەم شێوەیە باسی دەق ئاوێزان دەکات و دەڵێت: بریتییە لە پەیوەندی نێوان کاری ئەدەبی و کارەکانی دیکەی پێشوودا. تیۆری ڕەخنەیی نوێ بایەخێکی زۆر بە توێژینەوەی دەقی ئەدەبی دەدات، جا لە توێژینەوەی ئەدەبیدا بنەمای ڕەخنەیی لە دانەرەوە دەست پێدەکات، کە خاوەنی دەقە، لە میانەی گواستنەوەدا، دانەر دەسڕێتەوە، دەق شوێنی دەگرێتەوە، چەمکی دەقئاوێزانیش بەرهەمی دەقە، کە پەیوەندی بەهێزی بە دەسەڵاتی دەقەوە هەیە لە توێژینەوەی ڕەخنەییدا، بەڵام ئەم دەسەڵاتەش هەروەکو خۆی نامێنێتەوە، بەڵکو دەسەڵاتێکی تر پەیدا دەبێت، ئەویش دەسەڵاتی وەرگرە، کە تەوەری سێیەمە لە توێژینەوەی ڕەخنەییدا، بەم جۆرە چەمکی دەق ئاوێزان وەکو هەواڵێک لە توێژینەوەی دەقی ئەدەبی پەیدابوو، کە پەیوەندی بە دەقەکانی پێشووەوە هەیە، هەموو دەقێک تەشەنەکردن و گۆڕینی دەقی ترە کە (جیرار جینیت) بە چوونە ناو یەکی دەقی ناو دەبرد، دەق ئاوێزان لە دەقی شیعری نوێدا ئامادەیی بەرچاوی هەیە، هەوڵێکە بۆ هەڵدڕین و نوێکردنەوەی دەقی ئەدەبی، لە هەمان کاتدا ئامرازێکی ڕەخنەییە بۆ تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبیدا، دیارە دەق ئاوێزان لە چەمکی نوێدا بە مانای کاوێژکردنی دەقەکانی لێ وەرگیراو نایەت، بەڵکو لە بنەڕەتدا کرانەوەی و وتووێژە لەگەڵ دەقی وەرگیراودا بە مەبەستی خستنەکار و گێڕانەوەی بەرهەمدارردا.

- **میتۆدی ڕەخنەیی فیمینیزمی:**

میتۆدی ڕەخنەی فێمینیستی لەژێر گوشار پاڵەپەستۆی ژنان بۆ سەلماندنی خود و نووسینی خۆیان لە ئەورروپا پەیدابوو.

ئەم میتۆدە لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی فێمینیزمی لە ئەوروپا پەیدابووە، ئەویش هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لە ئەدەبیاتی ژنان، بەتایبەتی ئەو دەقانەی ژن بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژنان و نەهێشتنی جیاوازی جێندەری نووسراون. بۆ ئەمەیش ئەدەبی ژنان دەکرێ بە سێ قۆناغ ئەو ئەدەبیاتەی ژن نووسیویەتی، ئەدەبیاتێک لەبارەی ژنەوە نووسراوە و ئەو ئەدەبیاتەی ژنان دەیخوێننەوە.

دەتوانین مێژووی بزووتنەوەی فێمینیزمی بکەین بە سێ تەوژم:
تەوژمی یەکەم لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە دەستپێدەکات تاکوو ساڵی (١٩٢٠)، لەو ساڵەدا ژنان بۆ یەکەمجار مافی ڕادەربڕین و بەشداری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنن.
تەوژمی دووەم لە ساڵی (١٩٦٠)ەوە لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چەپ و فەلسەفەی نوێدا دەستی پێکرد. گرینگترین شتێک لەم تەوژمەدا لێکۆڵینەوە بوو لە ئەدەبیاتی ژنان.
تەوژمی سێیەم لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٠) پەیدا دەبێت، هەر لەژێر کاریگەری تەوژمی دووەمدا دەبێت، بەڵام جیاوازی جێندەری دەبێتە کاری سەرەکیان، ئەمەیش یەکێکە لە بیرەکانی پۆستمۆدێرنیزم.
میتۆدی فێمینیستی وەکوو گوتارێکی ڕێک و پێک لە دەیەی شەستی سەدەی ڕابردوو دژ بە پەراوێزخستنی نووسینی ژنان پەیدابوو، ئەویش لە پێناو پێدانی ڕۆڵێکی پتر و کاریگەرتر بە ژن لە نووسینی دەقی ئەدەبیدا. لە سەرەتادا ئەم میتۆدە هاوڕێ بوو لەگەڵ بزووتنەوەی فێمینیزمی ئەورووپی. میتۆدی ڕەخنەی فێمینیستی بە دوو ئاراستە پەیدابووە. ئاراستەیەکی ئینگلیزی-ئەمریکایی بوو، کە سەرەتاکانی بۆ نووسینەکانی ڕۆماننوس (ڤێرجینا وۆڵف) دەگەڕێتەوە. ئەم ڕۆماننووسە لە هەوڵین ڕابەرانی ئەم میتۆدە هەژمار دەکرێت، بەوەی سەلماندنی کۆمەڵگەی ئەورووپی، کۆمەڵگەیەکی باوکسالارییە، بۆیەش کتێبێکی بەناوی (ژوورێک بۆ خوت) نووسی. ئەم کتێبە (لە بنەڕەتدا دوو موحازەرەن، کە وۆڵف بەرانبەر قوتابیانی کچ لە زانکۆی کامبردیج لە ئۆکتۆبەری (١٩٢٨) بەناوی (ژن و ڕۆمان) پێشکەش کرد). ئەم ڕەخنەگرە بڕوای وابوو ژنان دەبێ ڕووبەڕووی هەموو بەربەستە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ببنەوە بۆ ئەوەی خولیای ئەدەبییەکانیان بهێننەدی.
لە فرەنسادا، کە دواتر بەئاراستەی فرەنسی ناسرا، (سیمۆن دوبڤوار) ڕابەرایەتی بزووتنەوەی فێمێنیزمی و ڕەخنەی فێمینیستی دەکات. بە وتە بەناوبانگەکەی دێتە مەیدان، کە دەڵێت: ژن بە ژنێتی لە دایک نابێت، بەڵکو دەبێتە ژن. واتە ژن دەبێ وەکوو مرۆڤێک لە ژیانیدا هەوڵبدات ژنێتی و مێینەیەتی خۆی بسەلمێنێت، کە هیچی لە پیاو کەمتر نییە. ئەم ڕەخنەگرە زیاتر لەبارەی دەقی ژنانەوەی کاری کرد. کتێبە بەناوبانگەکەی (ڕەگەزی دووەم) لە ساڵی (١٩٤٩)دا بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە گەوهەری کێشەی ژن بە ڕوونی و قووڵی نیشان دەدات، ئاماژە بەو جیاوازییە بیۆلۆجیانەی جەستەی ژن دەکات، لەگەڵ ئەم دوو ڕەخنەگرە کۆمەڵێ ڕەخنەگری دیکە ڕۆڵیان لە چەسپاندنی مێتۆدی ڕەخنەی فێمینیستیدا هەبووە لەوانە: (جۆلیا کریستیڤا، هێلین سیکۆس، لۆس ئیرگاری، سارە جامبڵ، تۆرێل مۆی، ئێلین شواڵتەر، کاتی میلت و ماری ئیگڵتۆن)و چەندانی دیکە.
(جۆلیا کریستیڤا) لە ساڵی (١٩٨٥)دا تویژینەوەیەکی لەبارەی (ڕەخنەی ئەدەبی ژنان) بڵاوکردەوە. لەوێدا (پێویستی یەکسانی نێوان ژن و پیاوی لە خولقاندنی وێنە و کۆد و نیشانە و دەلالەت لە ئەدەب و هونەردا ڕوون کردەوە). ئەم ڕەخنەگرە ناسنامەی مێیەتی ڕەت دەکردەوە، بەوەی ئەمە جیاوازی دەخاتەوە، بەوەی دوو بەرەی ژنان و پیاوان دروست دەبێت.
هەرچی (لۆس ئیریگارەی) بەهۆی نووسینی تێزی دکتۆرایەکەی بەناوی (ئاوێنەی ژنانی دیکە) لە ساڵی (١٩٧٤)دا ناوبانگی لەبواری ڕەخنەی فێمینیستیدا بڵاوبوویەوە، کە پشتی بە تیۆرەکانی (لاکان) و (فرۆید) بۆ ڕاڤەی دەق بەست. بۆ چوونەکانی ئەم ڕەخنەگرە وەکوو ڕەشەبایەک بوون،

ئەویش هەوڵدان بوو لە پێناو بونیادنانی پرۆسێسەی ئازادکردنی ژن و گەیشتن بە مافەکانی. بۆ ئەمەیش ڕووبەڕووی ئەو چەمک و تێزە فەلسەفیانە بوویەوە، کە سەرچاوەی گوتاری نێرسالاری بوون لە ئەورووپا.

مێتۆدی فێمینیستی لە ئەورووپا گرینگی زۆری بە ئەدەبی ژنان، یان ئەو دەق و نووسینانەی نووسەرەکانیان ژنن دا. ڕەخنەگر (ئێلین شوالتر) لە وتارێک بەناونیشانی (بەرەو بوتیقای فێمینیستی) دوو جۆر توێژینەوەی ئەدەبی فێمینیستی دیاری دەکات. ئەوانیش ژن وەکوو خوێنەر و ژن وەکوو نووسەر.

(شوالتر)یش بڕوای وایە ئەدەبی ژنانە ئەو ئەدەبیاتەیە بە ڕوونی گرینگیەتی ژن بە خودی خۆی نیشان بدات. ئەم ڕەخنەگرە نموونەی ڕۆمانی (حەج)ی (دورووسی ڕیتچاردسۆن)مان بۆ دەهێنێتەوە، لەوێدا خودی مێینەیی ژن بە ڕوونی کاری لەبارەوە کراوە. هاوکات نموونەی نووسینەکانی (ڤێرجینا وۆلف) دەهێنێتەوە، کە لە نووسینەکانیدا بە ڕوونی ڕەگەزی مێینە زاڵە و بووە بە نموونەیەک بۆ ئەوانی تر.

ڕەخنەگر (سارە گامبڵ) لە کتێبی (فێمینیزم و پاشفێمینیزم) دا هەوڵدەدا توێژینەوە لەبارەی بزووتنەوەی فێمینیزم و چەمک و بنەڕەتەکانیدا بکات. تێڕوانینە تایبەتییەکانی خۆی لەبارەی ڕەخنەی فێمینیستییەوە لە چوار شێوازی جودا دەخاتەڕوو: بیۆلۆجی، زمانەوانی، دەروونشیکاری و ڕۆشنبیری. ئەم چوار شێوازە هۆکاربوونە بۆ ئەوەی ڕۆڵیان لە دیاریکردن و جیاکردنەوەی ژن وەکوو نووسەر و ڕەخنەگر هەبووە.

لقیکی دیاری ڕەخنەی فێمینیستی، ڕەخنەی ڕەشپێستیە. ئاشکرایە لە ئەورووپا و ئەمەریکا تا سەدەی بیستەم هەرچی نووسینێک دەنووسرا نووسەرەکانی چ پیاو، چ ژن سپیپێست بوون. ئەم سیاسەتی نەژادپەرستییە بەتایبەتی لە ئەمەریکا بەرانبەر نووسەرانی بە ڕەگەز ئەفریقی پێڕەو دەکرا. لە دوای سەدەی بیستەوە نووسینی نووسەرانی ڕەشپێست دەرکەوت. بەمەیش لە دوای ساڵی (١٩٦٠) ئەم ڕەخنەیە لە ئەمەریکا پەیدادەبێت. ئەو ڕەخنەیە بە دوو ئامانج سەریهەڵدا، (یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی بریتی بوو لە دۆزینەوەی سەر لەنوێ و بووژانەوەی نووسەرانی لەبیرکراوی ڕەشپێستی ئەمەریکی.... دووهەم بریتی بوو لە مسۆگەرکردنی سوننەتێکی تایبەتی ئەدەبیی ڕەشپێستی ئەمەریکی، ئەو سوننەتە بەشێوەیەکی ڕەسمی لە ئەدەبیاتی سپیپێست جیاوازە. هەموو هەوڵی ئەمانە بۆ ناساندنی دەق و نووسینی ژنانی ڕەشپێست بوو.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەهەندێ لەو چەمک و زاراوانە بکەین، کەلە توێژینەوەی ڕەخنەگرانی ئەم مێتۆدەدا ڕەنگی داوەتەوە و کاریان لەبارەوە کردووە، لەوانە:

١- جنسییەت: ئەم چەمکە یەکێکە لە چەمکە گرینگەکانی مێتۆدەی ڕەخنەی فێمینیستی، توێژینەوەی ژنان لە هەموو بوارەکان دەبێتە ناوەندی تێڕوانین. کە پتر مەبەست ئەوەیە ئایا لە کلتوورەکان، بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چۆن لە ژن و پیاو دەڕوانرێت.

٢- باوکسالاری: چەمکی باوکسالاری، یان بە واتایەکی دیکە نێرسالاری لە توێژینەوەی ڕەخنەکارانی فێمینیستی بەشێوەیەکی فراوان کاری لەبارەوە کرا. ئەم چەمکە دەلالەتە لە باڵا دەستی نێرایەتی بەسەر تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگە. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا (ژن پلەیەکی نزمتری لە پیاو هەیە، یان وەکوو شتێکی کەمعەقڵ مامەڵە لەگەڵ ژن دەکرێ).

٣- ئەویدیکە: ئاشکرایە ئەویدیکە، یان ئەو، پێچەوانەی (من)ە، ئەم چەمکە پتر ڕەهەندێکی دەروونی هەیە، ئەمە تەنیا لەناو توێژینەوەی ڕەخنەی فێمینیستیدا ڕەنگی نەدایەوە، بەڵکو ئەم چەمکە مێژوویەکی دێرینتری هەیە، ئەویش پێوەندی بە گوتاری کۆلۆنیاڵییەوە هەیە. واتە ئەمە ڕەهەندێکی کولتووری و ڕۆشنبیریشی لە پشتە. چەمکی ئەویدیکە بەرانبەر ڕەگەزی مێ وەکوو مرۆڤێکی نامۆ و ناپەسەند بەرانبەری بە خود و کولتوور و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە بەکار دەهات.

- **لایەنە ئەرێنی و باشەکانی ئەم میتۆدە ئەمانەی خوارەوەن:**

١- بڵاوکردنەوە و توێژینەوەی دەقی ژنان بوو، کە بەدرێژایی سەردەمەکان لەلایەن پیاوەوە پەراوێز خرابوو.
٢- بەهۆی ئەم میتۆدەوە بەرهەمی ئەدەبی مێینە، کە لەلایەن نووسەرانی ژنەوە بەرهەم هاتبوو، لە مێژوودا ئاشکرا کرد.
٣- ئەم میتۆدە خاسیەت و زمانی مێینەی دیاریکرد.
٤- بەهۆی ئەم میتۆد و بزووتنەوەیە ژن بوونی خۆی سەلماند و گەڕایەوە ناو هەموو کایەکان.
٥- هەموو بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەورووپا، گوزارشتیان لە دەسەڵات و فیکری پیاوان دەکرد، لەگەڵ هاتنی ئەم میتۆدە ژن و نووسینی ژنان و توێژینەوەی ڕەخنەگرانەی ژنان لە دەق هاتە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

- **خاڵە نەرێنیەکانی ئەم میتۆدە ئەمانەی خوارەوەن:**

١- ئەگەر ڕەخنەی فێمینیستی لە پێشکەشکردنی ڕەخنە و دەقی ژنانە سەرکەوتوو بوو، بەڵام چەمک و بنەماکانی هەر لەناو بزووتنەوەی فێمینیزمیدا مایەوە، ئەم بزووتنەوەیەش پتر لایەنی سیاسی و کۆمەڵناسانەی زیاتر بوو لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی.
٢- ئەو کتێبانەی لەبارەی ڕەخنەی فێمینیستییەوە بڵاوکرانەوە، لەنێوان ڕەخنەی ئەدەبی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا هیچ سنوورێکی نەبوو.
٣- ئەم میتۆدە هێندە گرینگی بەململانێی نێوان دوو ڕەگەزی پیاو و ژن دەدا، بەشێوەیەک وەکوو ململانێی چینایەتی دەردەکەوت، لێرەدا ئەم میتۆدە وەکوو ڕەوتێکی ئایدیۆلۆجی نەک ڕەخنەیی دەردەکەوت.